# هەموو ژ تە دا ژیونەتەوە

نیگار نادر



ئەو پیاوە مرو کەسکەی لەگەردنمە
سەلاحەدینی ئەیوبیە
گاڤەکی دی هەولێری لەچاوان ڕا
وەدەردەکەوێ و
دونیایێ وەبەرخۆ هەڵدەبڕێ و
دێتە دوام تا ڕامداتەوە

ئەو پیاوەپەنجە هەناریەی
لەنێو گوڵ گوڵی سوری تەنورەکەمە
فەرهادە
چیاکانی لەسەر سەری ڕۆناون
شیرینی تێدا پوشکوتووە و
تێمدەنوسێ و
لەسەرڕ را عاشقم دەبێتەوە

ئەو پیاوە دەنکە شیلانە نارنجی و زەنگیانە
زەردۆکەو کەسکەی لەمەچەکم ئالاندوە
محەمەدە
پەیامان دهێنێتە گۆڕین و

## بەتەویایە بمگەڕێنێتەوە

ئەوپیاوە گەڵا سەوزەی ڕۆژێ  چەند جار
پاڵی ویدەدەم
مەحوی یە
هەموو شیعرەکانی لەکۆشم کردون و
شیعرم لێ گرتۆتەوە

ئەو پیاوەتەنکەی کەراسە مۆرەکەم
بەسەر سەری خۆیدا دەدا
ئەحمەدی خانی یە
میژووی لە پەنجان دەتکێ و
وەکی تاوێ تینیدەداو
بۆم هەلاتۆتەوە

ئەو پیاوەیاقوت سورەی
بەگوێچکەکانمەوە دەلاژێتەوە
بابە تاهیرە
شەپۆلی شنەکانی بۆ لەبەر کردوم و
دەگەڵ گەنمی داچینراوەو
ڕەگی هاویشتۆتەوە

ئەو پیاوە گوڵ کاڵەی بۆنە شینەکەمە
دەم نادەمەک

به بناگوێمیدا دەپرژێنم
مەمی ئالانە
بۆمزیندوبۆتەوە

ئەو پیاوە زمرود مرواری سپییە ی
گوڵەسینگەیەو لەیەخەی دەدەم
مەسعودی محەمەدە
هەمووددەمێ لەسەر زمانم دەدرەوشێ و
لەزمانمدا دەڕوێتەوە

ئەو پیاوە سورمەیەی ئێوارانە
بەرە چاوانمی پێدەڕێژم
حاجی قادرە
لەنێو گوڵەکان دا بۆم شین بووە
کوردوستانی لێ دەچۆرێتەوە

ئەو پیاوە نارنجی یەی لەسەری دەکەم
نالی یە
پەڵەی لەڕوحمدا داوەو
هەموو دیوانەکانی بەناو من کردونەتەوە

ئەو نیشتیمان پیاوە
دەم نا دەمەک
هەموو پیاوی دونیام بەسەردا دەبارێنێ و

تێمدا  پاراوو زیندوو دەكاو

هەموان لەخۆدا دادەچێنێ و دەژیەنێتەوە

...............................

21/06/2006